# یەکەمینەکان

* کاوەی خەسرەوکاوانی *



که یەکەم زەردەخەنەی خۆت
بەرەورۆحی من بەرێ کرد
ئالەوساتە رۆحم بەنجی تیری
خۆشەویستی تۆیە...
که یەکەمین تیشکی نیگات
خستە نیگای وێڵی تێنوم
نیگات ژیلەمۆی نێوناخەو
سوتانێکی لەسەرخۆیە...
که یەکەم جارسۆزی دەنگت
وورده وورده توایەوه له نێوهەستم...
تاکوئێستا چاوەڕوانم سەدات بێت و
بۆگوێ بیستی دەنگت مەستم...
یەکەمین پێك گەیشتنمان
تاکو ئێستا سەرچۆپی یادەکانمەو
جوانترین تابلۆی بەهارە...
هەرچەند عیشقت ئاگرێکە
بەردەوام رۆح دەسوتێنێ
بەلاّم خۆشترین ئازارە...

2007/9/26